# چینی کرێکار لەمڕۆدا

با بگەڕێینەوە بۆ ئەو خاڵەی کە ئەمڕۆ چینی کرێکار بە هەمان شکڵ و شێوازی سەردەمی مارکس بوونی نیە. ئەو شتەی کە ئاشکرا و بەڵگەنەویستە. چینی کرێکار، بەرهەمهێنانی...لە کارگە بچوکەکانەوە دەستپێکرد. پیشەسازیی گەورە و کارگەی پێکەوەنانی پارچەکانی "فۆردیزم" لەڕاستیدا خەسڵەتی ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ن، واتە سەردەمانێک دوای مردنی مارکس(گەرچی خۆی پێشبینیی ئەمەی کردبوو). دواتر لە دەیەی ١٩٧٠ بەم لاوە پرۆسەیەکی "لە پیشەسازی-داماڵین[1]" لە دونیای ڕۆژئاوادا لەئارادا بووە. لەگەڵ ئەمەشدا، لە ئاستە جیهانییەکەدا، درووست نیە بڵێین چینی کرێکار لە جاران لاوازترە؛ ڕیک پێچەوانەیە. بۆنمونە لە ساڵی ٢٠١٣ چین زیاد لە ٢٣٠ ملیۆن کرێکاری پیشەسازیی هەبوو، واتە هەڵکشانی ٢٩ ملیۆن کرێکار لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا. دەبێت ئەمە بەراوردبکەین بە کۆی هێزی کاری ١٥٥ ملیۆنی، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە کرێکارانی هەموو کەرت و بەشەکان دەگرێتەوە. چینی کرێکار گۆڕانی بەسەردا هاتووە، و هەمیشەش گۆڕانی بەسەردا دێت؛ بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئەم خەڵکانە کرێکار نین. گەر ئێوە بۆ ئاستێکی بژیوەمەرە ئیشدەکەن و بۆ دانی لیستەی حیسابەکان پشت بە کرێ دەبەستن ئەوا لەم حاڵەتەدا بەشێکن لە چینی کرێکار و سەرنج و تێبینییەکانی مارکس دەرهەق بە ئێوەش ڕاست دەردەچێت و ئێوەش دەگرێتەوە. کرێکارانی کەرتی خزمەتگوزارییش تێکرا کرێکارن. شتێکی گاڵتەجاڕە کە لە دەیەی ١٩٣٠دا، ڕەخنەگرانی مارکسیزم پێیانوابوو [کارگەی

[1]. de-industrialization

پێکەوەنانی پارچەکانی مەکینە[2]، وەلامێکە بە ڕووی مارکسدا. بەتەنیشت دەرگای کارگە گەورەکانی ئۆتۆمبێلسازییەوە، پاسەوانە چەکدارەکان جێگیرکرابوون و ڕێکخەرانی یەکێتییەکان بەختیان هەبوو کە تەنیا بە یەکجار لێدان لە مەیدان هەڵبێن. لەو کاتەشدا دەنگێک بەبەرزیی دەنگی زەنگی کلێسا دەیوت: «سەیرکەن، چینی کرێکار گۆڕاوە!». لەگەڵ ئەمەشدا، سەرەنجام لۆژیکی چینی کرێکار سەرکەوت. دوای زنجیرەیەک مانگرتنی خەباتگێڕانە و دەست بەسەراگرتنی کارگە، کرێکارانی ئەم کارگانە [لە یەکێتییە کرێکارییەکاندا] یەکدەیانگرت. دواجار ئەو کرێکارانەی کە دژی یەکێتی و تەشکیلات بوون، لەدوای جەنگ بوون بە بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەی کرێکاری. ئەمڕۆ ئەم دەسکەوتانە بەهۆی بەدەرەوەسپاردنی بەرهەمهێنان و گرێبەست لەگەڵ بەڵێندەری دەرەکییدا، لەبەردەم مەترسیدان و؛ کرێکارە چینییەکانیش هێشتا ململانێیەکی توندیان لەبەردەمدایە بۆ بەدەستهێنانی مافە بنچینەییەکانی خۆیان. ململانێی چینایەتی هێشتا هەر بەردەوامە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دۆخی ئەمڕۆ لەگەڵ سەردەمی مارکسدا جیاوازە: چینی کرێکار بەشێکی بەهێزتر لە دانیشتوان پێکدێنێت، کە هێز و توانستێکی زیاتریشی هەیە. ئەوەی کە ئاخۆ کرێکاران خۆیان ئاگایان لەمە هەیە یان نا بابەتێکی ترە و دەگەڕێتەوە بۆ پرسی سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتی [کە دەبێت کرێکاران هۆشیار بکاتەوە و هۆشیاریی چینایەتییان بداتێ]. سەرەڕای ئەمەش لە ولاتە پێشکەوتووە سەرمایەدارییەکاندا، کاری بەکرێ یان کرێگرتە ٨٥%ی دانیشتوان و زیاد لە ٥٠%ی دانیشتوانی کۆمەڵگاش پێکدێنێت لە هەریەکە لە ولاتانی سەر گۆی زەویدا. تا بەر لە جەنگی جیهانیی دووەم، لە ٥٠% کەمتری دانیشتوانی زۆرینەی ولاتانی ئەورووپی سەر بە چینی کرێکار بوون.

لەگەڵ ئەمەشدا، لە هۆڵی کۆڕ و سیمینارەکانی زانکۆدا، مامۆستاکان پێماندەڵێن چیتر چینی کرێکار بوونی نیە. کەچی لەوە غافڵ و بێئاگان کەسێک دێت(کە نازانین کێیە)، دەرگای هۆڵی موحازەرەکە دەکاتەوە، چین و قاتەکانی تر پاکدەکاتەوە و زبڵ و خۆڵ و خاشاکەکەش کۆدەکاتەوە. کەسانێکی تر هەن وزەی

[2]. assembly line

کارەبای گڵۆپەکان، پرۆجێکتۆرەکان و ئەو شتانەی تریشیان ئامادە و دابینکردووە کە دەکەونە بەرچاومان، ئەویش لەو پێناوەدا تاکو کەسێک بێت و لە کۆڕ و کۆمەڵی ئەم خوێندکارانەدا بلێت چیتر ئەنجامدەرانی ئەم کارە [واتە کرێکاری پاککەرەوە و ئامادەکاری هۆڵەکە] بوونی نیە! کاتی نانی نیوەڕۆ، لە کافتریای زانکۆدا، دەبێت خواردنەکە بەهۆی سیحر و جادووەوە و بەبێ یارمەتیی کەسێک کە ئەسڵەن گرنگ نیە، درووستبووە! جاروبار ئەم کەسە نادیار و نەبینراوانە دێن بۆ مانگرتن، کە ئەوکاتە نادیدەگرتن و لەبەرچاونەگرتنیان قورستر دەبێت. لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١٤دا، زیاد لە هەزار شۆفێری لۆری لە بەندەری ڤانکۆڤەر [ی کەنەدا] لەپێناوی بارودۆخی باشتری کاردا دەستیاندایە مانگرتن. ئەم چالاکییە بووەهۆی ئەوەی هەر هەفتەیەک کاڵاگەلێک بە بڕ و بەهای ٨٨٥ ملیۆن دۆلار لە گواستنەوە بکەون.

ڕەنگە ڕاست بێت کە کرێکارانی پیشەسازیی [ناو کارگەکان] لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا کەمترن، بەڵام ئەوانەی ماونەتەوە هێزێکی گەورەیان هەیە، دیارە گەر سودی لێببین و بەکاری بێنن. کرێکارانی کەرتی خزمەتگوزارییەکان پەرشوبڵاوترن و هەندێکیشیان هێزێکی کەمتریان هەیە، بەڵام ئەم کرێکارانەش ڕووبەڕووی کرێی کەم و هەلومەرجێکی خراپ بوونەتەوە. ڕەنگە بۆ ئەم جۆرە کرێکارانە داغڵبوونی ڕاستەوخۆ بۆ ناو خەباتی سیاسی ئاسانتر بێت، لەکاتێکدا ڕەخساندنی ڕێکخستن و یەکێتی لەپێناوی گۆڕانی شیفتەکانی کاردا قورستر بێت. زۆرێک لەم کرێکارانە [بڕوانامە و] خوێندنی باڵایان هەیە و دەتوانن ئیش و کاری ئاڵۆزتریش بکەن. ئەم ناکۆکییەی نێوان گەنجانی دەرچوو و نەبوونی دید و چاوەڕوانییەکی شایستە بۆ ئیشوکار بوو کە بووە پاڵنەرێک بۆ گۆڕانکارییەکانی (بەهاری عەرەبی). سەرەنجام هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیی هاوشێوە، دەبێتەهۆی هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتیی هاوشێوە.

ئەلێکس گرانت/ وەرگێڕانی: نێگەتیڤ

سەرچاوە:

- "The working class does not exist": http://www.socialist.net/karl-marx-more-right-and-more-relevant-than-ever.htm